گـۆڤـاری زانـکۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(6).Paper1

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٤/٠٨/١٣
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٤/١٠/١٣
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٩

# میکانیزمەکانی جوڵەی کات لە کۆمەڵە چیرۆکی (خەوننامەی دادە سۆزی)ی کاروانی کاکە سوردا

**مصطفى صالح مصطفى**

mustafasalih1973@gmail.com

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەیی شەقڵاوە وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

## پوختە:

ئەم تویێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (میکانیزمەکانی جوڵەی کات لە کۆمەڵە چیرۆکی (خەوننامەی دادە سۆزی) ی کاروانی کاکە سور)دا نوسراوە، هەوڵێکە بۆ ناساندن و دەرخستنی کاریگەری جوڵەی کات لە گەشەپێدانی بنیاتی دەقی گێڕدراوەدا، کە تێیدا لەڕێی بەکارهێنانی میکانیزمەکانی خێراکردن و خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوە، هەوڵدراوە ئەو ئەنجامە بەدەست بێنین، کە گێڕەرەوە بە پێی ویست و مەبەستی خۆی و بە گوێرەی پێداویستی گێڕانەوە دەتوانێت کاتی دەقی گێڕدراوە دەستکاری بکات، بەمەش جیاوازی دەخاتە نێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆک لە دەقی گێڕدراوەدا، هەروەها توانا و دەستەڵاتی گێرەرەوەش لە گێڕانەوەکەدا دەردەخات.

تویژینەوەکە لە دەروازە و دو بەش پێک هاتوە، لە دەروازەدا لەپاڵ ناساندنی کات وەک توخمێکی گرنگی گێڕانەوە، باس لە گرنگی کات و دەرکەوتەکانی لە دەقی گێڕدراوە کراوە، هەروەها جیاوازی نێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆکیش لەژێر ڕۆشنایی بیروڕای (ژینێت) ڕونکراوەتەوە.

لەبەشی یەکەمی تویژینەوەکە باس لە میکانیزمەکانی خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوە کراوە، کە بریتین لە (وەسف – دیمەن – لێدوان)، باسی ڕۆڵی هەر یەکێکیان لە خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوە لە دەقی چیرۆکەکان کراوە.

لەبەشی دوەمیشدا باس لە میکانیزمەکانی خێراکردنی کاتی گێڕانەوە کراوە، کە خۆی لە میکانیزمەکانی (لابردن – کورتکردنەوە) دەبینێتەوە، بە هێنانەوەی نمونەی ناو چیرۆکەکان باس لە ڕۆڵی هەر یەکێکیان لە خێراکردنی کاتی گێڕانەوەی دەقەکان کراوە.

لە کۆتاییدا ئەنجامە بەدەستهاتو و سەرچاوە بەکارهاتوەکان ڕیزبەندکراون.

کلیلە وشەکان: جوڵەی کات، خاوکردنەوەی کات، خێراکردنی کات، گێڕانەوە.

## پێشەکی:

لە ڕەخنەی نوێی ئەدەبییدا (کات) وەک هەر ڕەگەزێکی تری دەقی گێڕدراوە گرنگی زۆری پێدراوە، چونکە ڕەگەزێکی گرنگی پێکهێنانی بنیاتی دەقی گێڕدراوەیە، لەم سۆنگەیەوە (میکانیزمەکانی جوڵەی کات لە کۆمەڵە چیرۆکی (خەوننامەی دادە سۆزی)ی کاروانی کاکە سور)دا، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی کات بە گشتی و میکانیزمەکانی جوڵەی کات بەتایبەتی لە گەشەپێدانی بنیاتی دەقی چیرۆکە گێڕدراوەکان و ڕۆڵ و توانای گێڕەرەوە لە بەکارهێنانی ئەو میکانیزمانەدا.

سنوری توێژینەوەکە: کۆمەڵە چیرۆکی (خەوننامەی دادە سۆزی) کاروانی کاکەسور دەگرێتەوە.

ئامانجی توێژینەوە: دەرخستنی میکانیزمەکانی جوڵەی کاتە، کە لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا بەکارهێنراون، لەگەڵ دیاریکردنی کاریگەری هەر یەکێک لەو میکانیزمانە لەسەر خێراکردن و خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکان.

گرفتی توێژینەوە: بەشی زۆری ئەو باس و توێژینەوانەی دەربارەی (ماوە – المدة) دواون، بەشێوەی بژاردن بوە و هەمو ئەو میکانیزمانەی تیۆری (کات)ی (ژیرار ژینێت)یان وەک پێویست و بەتەواوی پراکتیک نەکردوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە پراکتیکی میکانیزمەکانی جوڵەی کات وەک پێویست بکات.

میتۆدی توێژینەوەکە : میتۆدی بونیاتگەری لەژێر ڕۆشنایی دابەشکارییەکانی تیۆرناسی فەرەنسی(ژیرار ژینێت) لەبارەی (ماوە – المدة) بەکارهێنراوە.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە دەروازە و دو بەش پێک هاتوە، لە دەروازەدا لە پاڵ ناساندنی کات وەک توخمێکی سەرەکی بواری گێڕانەوە، هەوڵ دراوە گرنگی کات لە گێڕانەوەدا باس بکرێت، هەروەها جیاوازی نێوان کاتی چیرۆک و کاتی گێڕانەوەش باسکراوە.

لەبەشی یەکەمدا سەرەڕای ناساندنی میکانیزمەکانی خاوکردنەوەی کات، هەوڵ دراوە بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەو میکانیزمانە لە کۆمەڵە چیرۆکی (خەوننامەی دادە سۆزی)دا بەرجەستە بکرێن، میکانیزمەکانی ئەو بوارەش (وەسف – دیمەن – لێدوان)ن

لە بەشی دوەمیشدا، بە هەمان شێوەی بەشی یەکەم لە پاڵ ناساندنی میکانیزمەکانی خێراکردنی کاتی گێڕانەوە، هەوڵ دراوە ئەم میکانیزمانە بەشـــێوەیەکی پڕاکتیکی لە چیرۆکەکاندا بەرجەســـتە بکرێن، کە هەردو میکانیزمی (لابردن – کورتکردنەوە) لەم کردارەی خێراکردنەدا بەشدارن.

**دەروازە**

گرنگیی کات لە دەقی گێڕدراوەدا:

کات وەک توخمێکی گرنگی تەکنیکی گێڕانەوە بایەخی تایبەتی هەیە، ڕەگەزێکی دەقی گێڕدراوەیە بەگشـــتی و چیرۆکیش بەتـایبەتی،جگە لەمە کـات فـاکتەرێکی نێو کـایەی ژیـان و بوارەکـانێتی و ڕۆڵی گرنـگ دەبینێـت لە ڕێکخستنیان، ((یەکێک لەو چەمکانەی هەر لەدێر زەمانەوە مرۆڤی بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە کاتە)) (سیوەیلی،٢٠٠٤: ١١)، بەڵام وەک بابەتێکی زانستی و لایەنێکی گرنگی گێڕانەوە ((لە ڕێگەی کاروچالاکییەکانی فۆرمالیستە ڕوسەکان (١٩١٥-١٩٣٠) و گۆڕینی بەرهەمی ئەم کۆمەڵەیە دواتر بۆسەر زمانی فەڕەنسی لەلایەن (تۆدۆرۆڤ)ەوە، هەروەها کار و چالاکییەکانی تیۆرناسانی ڕوسی و فەڕەنسی و ئینگلیزی و ئەلمانی لە بواری گێڕانەوەدا))(خرواتانی ،٢٠١٣ :٤٨) زیاتر گرنگی کات دەرکەوتوە.

گرنگی کات وەک ڕەگەزێکی ســـەرەکی دەقی ئەدەبی ناوەســـتێت، بەڵکو گرنگییەکەی لەو پێگەیەی دایە کە لە بونیاتی دەقی گێڕدراوەدا دەیبینێت، کە زۆرجار دەبێتە گرنگترین پێکهێنەرەکانی دەقی گێڕدراوە((دەکرێ چیرۆک بگێڕینەوە بەبێ ئەوەی شـــوێنی گێڕانەوەکە یان ماوەی دوری شـــوێنی ڕوداوەکان دیاری بکەین، بەڵام هەرگیز ناکرێ کاتی گێڕانەوە دیاری نەکرێت))(مجموعة من المؤلفين، ٢٠١٠: ٢٣٢)، ئەمەش گرنگی و کاریگەری کات لەســـەر توخمە پێکهێنەرەکانی تری دەق دەردەخات ((کاتی گێڕانەوە ئامرازێکە یارمەتی گێڕەرەوە دەدات بۆ تێگەیشتن لە کەسایەتی و پاڵنەرەکانیان))(علی،٢٠٠٨ :٣٠)، واتە لە ڕێگەی کاتەوە گێڕەرەوە دەتوانێت گوزارشت لە کەســـایەتییەکان بکات، بەمەش کات دەتوانێ گۆڕانکاری لە بنیاتی پێکهاتنی دەق دروســـت بکات و دەتوانێت ((جولانەوەی کەســـایەتییەکان لە ئێســـتا و ڕابردو و ئایندەدا بەگوێرەی شـــێوازی گێڕانەوەی تێکســـتەکە ڕێک بخـات))(ئەلۆەنی، ٢٠٠٤ :٥٤)، هەر ئەو گرنگییەی کاتە وایکردوە (هێنری جەیمس) پێی وابێت کە گێڕەرەوە دەبێ بەوردی مامەڵە لەگەڵ کاتدا بکات(قاسم، ١٩٨٥: ٣٤).

کات لەپاڵ ڕۆڵە ســـەرەکییەکەی لە بنیاتی دەقی گێڕدراوەدا، لەگەڵ توخمی (شـــوێن) پەیوەندییەکی تەواوکاری دەبینن، هەریەکەیان ئەویتر تەواو دەکات، هەر ئەو پەیوەندییەی نێوانیشیانە زاراوەی (شوێنکات)ی داهێناوە، ئەگەر بەتەنیـاش بـاســـی هەر یەکێکیـان بکرێت، ئەوا بۆ پێویســـتییە نەک بۆ جیـاکردنەوەیـان. هەر لەبـارەی گرنگی کاتەوە(ســـیزا قاســـم) چەند هۆکارێکی دیاری کردوە و پێی وایە کات ڕەگەزێکی گرنگی گێڕانەوەیە و ڕەگەز و توخمەکانی تری لەناو ڕێک دەخرێن، کات تا ڕاددەیەکی زۆر سروشتی دەق دیاری دەکات و بەگشتی دەقی لەسەر

بنیات دەنرێت.(سەرچاوەی پێشو : هەمان لاپەڕە)، هەر لەبارەی گرنگی کاتەوە (سابیر ڕەشید) دەڵێ ((چۆن ژیان بەبێ کات سیستەمی بونی خۆی لەدەست دەدات، ئاواش لەکاری ئەدەبیدا بەتایبەتی لە چیرۆک و ڕۆماندا ناتوانرێت لەدەق داببڕێت))(ڕەشید، ١٩٩٩: ٩٥). هەرکاتێک نوسەر توانی لەڕێی گێڕەرەوەکانییەوە کات و دەرکەوتەکانی بەشێوەیەکی دروست و شارەزایانە بەکاربهێنێت قەناعەت بە خوێنەر و وەرگر دەکات دەقەکە وەک ڕاستی وەربگرێت.

## کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆک(سروشتی):

لەهەر دەقێکی گێڕدراوەدا دەکرێ کات بەسەر دو جۆر پۆلین بکرێت، (کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆک) هەریەکەیان ڕۆڵ و پێگەی خۆی لە بنیاتی دەق دەگێڕێت، ((کاتی سروشتی ڕێڕەوی ڕاستی خۆی دەگرێت بەبێ وەستان و پچڕان ... توانای گەڕانەوەی بۆ دواوە نییە))(علی، ٢٠٠٨: ٣١)، بەڵام کاتی گێڕانەوە ئازادی جوڵەی تێدایە و وابەستەی هیچ چوارچێوەیەکی کۆنکرێتی دیاریکراو نییە، ئەو جیاوازییەش بەرهەمی بینینی تایبەتی گێڕەرەوەیە لەناو هەر دەقێکی گێڕدراوەدا، ((کاتی حەکایەت ئەو کاتانە دەگرێتەوە کە ڕوداوەکانی ڕۆمانەکەی تیدا لەدایک دەبن، بەڵام کاتی گێڕانەوە ئەو کاتانەیە کە ڕوداوەکانی ڕۆمانەکەی تێدا دەگێڕدرێتەوە))(ئەلۆەنی، ٢٠٠٤: ٥٥)، یەکەمیان بەشێوەی کورنۆلۆژیا بە کاتژمێر و ڕۆژ و مانگ و ساڵ دەپێورێت، بەڵام دوەمیان دەقی بەرجەستەیە و بە وشە و ڕستە و لاپەڕە دەپێورێت و دەچێتە ناو سیستەمە ڕێکخراوەکانی گێڕەرەوە و ئەمیش بە ئارەزو و ویستی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

لەباسکردنی کاتی گێڕانەوەدا زۆر بۆچون و بیروڕای جیاواز باسکراون، بەتایبەتی دوای ئەوەی گێڕانەوە((لە شەستەکانی سەدەی ڕابردو بەدواوە لەو بارە دەرچو، کە وەکو تەکنیکێکی ئاسایی باس بکرێت، بەلکو هەنگاوی بەرەو بە زانستی بون و مەنهەجییەت ناوە))(خرواتانی،٢٠١٣: ٤٨)، یەکێک لەو دابەشکاریانەی کاتی گێڕانەوە ئەو دابەشکردنەیە کە (ژینێت) لە کتێبی (خطاب الحكاية) کردویەتی، کە تێیدا کاتی بەسەر سێ تەوەر دابەش کردوە، ئەمانیش ڕێکخستن(الترتيب) و ماوە(المده) و چەندبارەکردنەوە(التواتر)ن، بەگوێرەی تێڕوانینی ئێمە مەبەست لە ڕێکخستن دیاریکردنی ئەو پەیوەندیانەن کە لەنێوان ڕێکخستنی کاتی ڕوداو و کاتی گێڕانەوە دروست دەبن، زیاتریش خۆی لە هەردو کرداری (پێشخستن و پاشخستن)ی ڕوداوەکان دەبینێتەوە، ماوەش ئەو هۆکار و میکانیزمانە دەگرێتەوە کە گۆڕانکاری لە خێراکردن و خاوکردنەوەی گێڕانەوە دروست دەکەن، چەندبارەکردنەوەی گێڕانەوەش پەیوەندی نێوان چەندبارە گێڕاوەکانی ناو دەقێکی دیاریکراو دیاری دەکات، بەمەش (ژینێت) سێ لایەنی گرنگی بنیاتی کات لە گێڕانەوە دیار دەکات(جینیت، ١٩٩٧: ١٠١).

لە باسکردنی کۆی ئەو سێ لایەنانەی کاتدا (ژینێت) زۆر بە وردی لەسەر ماوە(المده) دەوەستێت و بە لایەنێکی ئاڵۆزی کاتی گێڕانەوەی دادەنێت، بەتایبەتی کاتێک لەگەڵ دو لایەنەکەی دی بەراوردی دەکات، پێی وایە : دەرکەوتەکانی ڕێکخستنی کات (الترتيب) و چەندبارەکردنەوە(التواتر) بە ئاسانی و بەبێ زیان گەیاندن بە ڕێڕەوی

کاتی گێڕانەوە ئەنجام دەدرێن، بەلام بەراوردکردنی (ماوە- المدە)ی گێڕانەوە بە ماوەی چیرۆک کارێکی زۆر دژوارە (سەرچاوەی پێشو: هەمان لاپەڕە).

ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە و پەیوەندی بە توێژینەکەمانەوە هەیە، بابەتی ماوە(المدە)ی ڕوداوەکانە، زۆر ئەستەمە بتوانین دەقێک بگێڕینەوە و خێراییەکەی گۆڕانکاری تێدا ڕونەدات، دەقی گێڕدراوە ناتوانێت کات بەلاوە بنێت و ئەستەمیشە بتوانێت ئەو کاتە بەیەک خێرایی دیاریکراو ڕابگرێت، واتا ناکرێت دەقێکی گێڕدراوە دەست بەرداری کاریگەرییەکانی ڕیتمی گێڕانەوە ببێت، ئەمەش زیاتر پەیوەندی نێوان کات و گێڕانەوە دەردەخات، لەم ڕوەوە دەکرێت بڵێین ڕوداوەکانی دەقیکی گێڕدراوە لە شەو و ڕۆژێکدا ڕویانداوە، بەلام لاپەڕەی دەقە نوسراوەکە زۆرن، لیرەدا نەگونجانیکی تەواو لە نیوان هەردو کاتی گیڕانەوە و چیرۆک دروست دەبیت، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهینان و کاریگەری میکانیزمەکانی جوڵەی کاتەوە دروست دەبیت.

بۆ نوسینی هەر دەقێکی گێڕدراوە نوسەر (گێڕەرەوە) دەتوانێت سود لە هەمو ئەو میکانیزمانەی جوڵەی کات وەربگرێت، کە خێرایی دەق یان خاوبونەوەی دەق دیاری دەکەن، (ژینێت) ئەو میکانیزمانەی لە چوار جۆر پۆلین کردون (لابردن – کورتکردنەوە – دیمەن – وەسف) و ناوی ناون ((جۆرە سەرەکییەکانی جوڵەی گێڕانەوە))(العزی، ٢٠١١: ٨٠)، کە مەبەست لیی ئەو جوڵەیەیە، کە تێیدا ((پەیوەندی نێوان کاتی ڕودانی ڕوداوەکان و درێژی دەق لە ڕوی دێر و لاپەڕەوە دەردەکەوێت))(العید، ١٩٩٧: ٨٢)، بە شێوەیەک دەکرێ ڕوداوەکان لەچەند دێرێک یان چەند لاپەڕەیەکی کەم گێڕدرابنەوە، کە لە بنچینەدا کورتکراوەی چەند ساڵێک بن، یان بە پێچەوانەوە، ئەمەش جوڵەی کاتی گێڕانەوە لە یەکەمیاندا خێرایە و لەدوەمیش خاوە، بەکارهێنانی میکانیزمەکانی جوڵەی کاتیش دەگەڕێتەوە بۆ توانا و سەلیقەی گێڕەرەوە و پێداویستی دەق، کە زیاتر بۆمەبەستی ((بنیاتنانی کاری هونەری و ڕەوانبێژی گێڕانەوە و ستاتیکای وەرگرتن))(العزی، ٢٠١١: ٧٩) بەکاریان دێنێت.

**بەشی یەکەم:**

## میکانیزمەکانی خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوە

گێڕەرەوە بۆ خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوە چەند میکانیزمێکی لەبەر دەست دایە، کە ئەمانەن:

١- **وەسف:**

یەکێکە لە میکانیزمەکانی خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوەی دەق، هەر لە کۆنەوە باس لە گرنگی ئەرکەکەی کراوە، (بوالۆ) وا تەماشای وەسفی کردوە، کە ((ڕۆڵی ئەو پەیکەرانەی بینیوە کە دیواری بینا کلاسیکییەکانیان دەڕازاندەوە))(قاسم،١٩٨٥: ١١٠)، ئەگەرچی ئەم تەماشاکردنەی وەسف خاڵیکردنەوەیەتی لە ئەرکە هونەریەکەی، بەلام نیشانەی گرنگییەکەشیەتی، لە ڕەخنەی تازەدا وەسف ئەرک و ڕۆڵی گەورەی هەیە،گێڕانەوە ناتوانێت

دەستبەرداری ببێت، ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی گشتگیری بکەین، ئەوا ((ئەو میکانیزمە هونەرییەیە کە گێڕەرەوە لە ڕێگەیەوە ڕوناکی دەخاتە سەر وردەکارییەکانی کەل و پەل و شوێن و کەسایەتییەکان، کە بەلایەوە شایانی نمایشکردنن بۆ خوێنەر))(العزی،٢٠١١: ١٠٠) لە خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت،(ژینێت) پێی وایە وەسف ((بۆ دەقی گێردراوە زۆر پێویستە،چونکە ئاسانترە بۆ ئێمە وەسف بکەین بەبێ ئەوەی بگێڕینەوە، لەوەی بەبێ وەسفکردن بگێڕینەوە))(جینیت،١٩٩٧: ٧٦)، واتە دەتوانین گێڕانەوە ڕابگرین یان خاوی بکەینەوە و لە وەسفکردنیش بەردەوام بین، بەڵام ئاسان نییە دەقێک بگێڕینەوە بەبێ ئەوەی کرداری وەسفکردنی تێدا بەکاربهێنین.

وەسفکردن فراوانی خەیاڵی نوسەر و توانای داهێنانی لەناو بەرهەمی گێڕدراوەدا دەردەخات، لە ڕێگەی وەسفەوە نوسەر دەیەوێت بە خوێنەر بڵێت دەتوانم کاتی گێڕانەوە سست و خاو بکەم و تۆش بەتاسەوە بەردەوام بیت لە خوێندنەوە، چونکە وەسف ((بۆ دروستکردنی ڕیتمی گێڕانەوە بەکاردەهێنرێت))(بورنوف،١٩٩١: ١٠٧) هەر ئەو ڕیتمەشە چێژی خوێندنەوە زیاد دەکات، وەسف پچڕانێک لە ڕێچکەی ڕوداوەکان دروست دەکات، بەشێوەیەک کاتەکە لە گێڕانەوەدا لە پلەی وەستان دەبێت، لە هەمان کاتدا زیاتر و فراوانتر دەبێت لە کاتی چیرۆک.

بەگشتی وەسف لەناو دەقی گێڕدراوەدا دو ڕۆڵ دەبینێت((یەکەمیان ڕەهەندە ستاتیکییەکەیەتی، کە ڕۆڵی گرنگ لە جوانیناسی گوتار و ڕازاندنەوەی دەبینێت، دوەمیشیان لێکدانەوە و شیکردنەوەیە، کە دەبێ کاریگەر و خاوەن هۆکاری پێویست و قەناعەت پێکەربێت بۆناو دەقەکە))(جینیت،١٩٨٨: ٦٠) ڕۆڵی وەسفیش ئەو کاتە بە تەواوی دەردەکەوێت کە بە ((نمایشکردنی کەل و پەل ، بارودۆخ، هەڵویست و ڕوداوەکان لە بون و ئەرکەکانیدا)) دادەنرێت(الزیتونی،٢٠٠٢ :١٧١، ئەرکەکانی وەسفیش لەمەی باسمانکردن زیاترن، ئەرکەکانی((پەروەردەیی، نمایشکردن، دەربڕین، گێڕانەوە، داهێنان، ئایدیۆلۆژی و هەڵسەنگاندن))یش دەگرێتەوە(مجموعة من المؤلفين،٢٠١٠: ٤٧٢). دو جۆری وەسفیش بە گشتی لەناو دەقی گێڕدراوەدا دەبینرێن((یەکەمیان ئەو وەستانەیە کە وابەستەی ساتێکی دیاریکراوی چیرۆکەکەیە، بەشێوەیەک وەسفەکە وەستانە بەرامبەر شتێک یان نمایشێکی هاوئاواز لەگەڵ ڕامانی کەسایەتییەکە، دوەمیشیان وەستانی وەسفی دەرچوە لە لە کاتی(زەمەن) چیرۆکەکە، لەشێوەی وێستگەیەکی پشودانە و گێڕانەوەش تێیدا هەناسەیەکی دێتەوەبەر))(العزام،٢٠٠٣: ٢٠٣).

لە کۆمەڵە چیرۆکی (خەوننامەی دادە سۆزی) وەسف بەشێوەیەکی بەرچاو بەکارهێنراوە، ئەم بەکارهێنانەش لە چیرۆکێک بۆ چیرۆکێکی تر جیاوازە، هەروەها بە ئەرک و جۆری جیاوازیش دەرکەوتوە.

لە چیرۆکی(لەسەر دەستی عادیل سەلیم دەنوسم) ڕێژەیەکی بەرچاوی وەسف بەکارهێنراوە، بۆ هەردو جۆری(نمایشکردنی هاوئاواز) و (پشودان)، گێڕەرەوەی هەمو شتزان کاتێک باسی هەڵدانی (کۆلارە) دەکات لەلایەن کەسایەتی سەرەکی دەقەکە، لە وەسفی بارانی پایزدا دەڵێت: ((بۆنی خۆڵی وشکەکەی ئەو ڕێگایە چوە قولایی لوتمانەوە... ئەمە خۆشترین بۆنە لای من... بەڵام جوانترین دیمەن هی ئەو مریشک و کەلەشێر و قەلەمونانەن، کە

بەشـــێوەیەکی زۆر ســـەیر خۆیان هەڵدەکرومێنن و لە پەنایەک دەگەڕێن، هەتا گیادیان لە تەڕبون بپارێزن... هەندێکیان دەچنە ژێر عەرەبانەی سەوزە و میوە فرۆشتن، کە لەهەر کۆڵانێک لەو کۆڵانە تەسک و پێچاوپێچانەدا یەک دوانێک ڕاگیراون... بەڵام هەندێکیان خۆیان بە دیوارەکانەوە دەنوســـێنن... نەخێر، من دەڵێم ئەوان لەباران ناترسـن، بەڵکو ئەوە تەنها نازێکە و بەو شـێوەیە دەریدەبڕن...پەڕی ئەوانیش بۆنی خۆشـی لێدێت... بۆنی گەرمای سـوتێنەری هاوین و شـێی فێنکی پایزە، کە ئەو بارانە ورد ورد تێکەڵی یەکدیان دەکات))(کاکەسـور،٢٠٠٨: ١٨٠)، ئەم وەســفە وابەســتەی ســاتێکی دیاریکراوی چیرۆکەکەیە و نمایشــێکی هاوئاوازی ڕامانی کەســایەتییەکەیە، گێڕەرەوە بە مەبەستی خاوکردنەوەی گێڕانەوەکەی پشویەکی وەرگرتوە و ڕێگای داوە کەسایی‌تییەکە وەسفەکە بکات، هەر لەم چیرۆکە و لە شوێنێکی تردا بە شێوازێک و بۆ مەبەستێکی تر گێڕەرەوە پەنای بۆ وەسف بردوە، کاتێک بەچەند لاپەڕەیەک باس لە (ماڵی گامێشەوانەکە و گامێشەکان) دەکات، کاتی زنجیرەی ڕوداوەکان ڕادەگرێت و وەک وێســتگەیەکی پشــودانی گێڕانەوەکە وەســفەکە بەکاردێنێت، لە وەســفەکەشــدا باســی جوڵەی کۆمەڵە دەروێشــێک دەکات کە هیچ پەیوەندیان بە بابەتی ئەو کاتی گێڕانەوەکە نییە((بەڵام لەناکاو دەنگی دەف و زنجیر تێکەڵ بە دەنگی دەیان پیاو و قیژەی ژن و منداڵ هاتنە گوێچکەمانەوە...دارەبازێک لەسەر شانی چەند دەروێشێک دەبینم، کە بە پەرۆی سەوز داپۆشراوە...دەیان دەرویشی دیکە لەدوایەوە دەڕۆن و بەدەم هاوار و سەلاوەتەوە چەقۆ و شـــمشـــیر لەســـک و ڕان و قوڵە ڕوتەکانی خۆیان دەدەن...قژی درێژیان لە هەوادا تێکەڵی یەکدی دەبن...هێندە قایم دەف دەکوتن، نەک هەر گیانمان، بگرە زەوییەکەی ژێریشمان دەلەرێننەوە...))(سەرچاوەی پێشو، ١٨٥)، دوای تەواوبونی وەسفە درێژەکە، گێڕەرەوە بە ڕستەی ((ئۆی گامێشـەکانیان لەبیر بردمەوە))(سـەرچاوەی پێشـو: ١٨٦) واز لەباسـی (دەروێشـەکان) دێنێت، دوای وەرگرتنی پشـویەکی پێویسـت، دەسـت بە گێڕانەوەکەی دەکات.

لە چیرۆکی(پێداچونەوەی چیرۆکێکی کۆن) میکانیزمی وەسف بۆ چەند مەبەستێک بەکارهێنراوە، بۆ دەرخستن و ناسـاندنی کەسـایەتی سـەرەکی چیرۆکەکە دەڵێت((لەپڕ وەسـتایت... جانتاکەت لەنێوان هەردو قاچی ڕوتت دانا... لەملا و لەولاوە پەنجەکانت بردە ناو قژی خاوتەوە، کە چوار ڕۆژ نابێت لەو ســـالۆنەی نزیک گەراجی (ئاکریێ) ڕەشـت کردۆتەوە... سـەرەتا کاڵ دەبێتەوە... لەبەر تیشـکی هەتاو و گلۆپەکاندا مەیلەو قاوەیی دەردەکەوێت...ئینجا مۆر هەڵدەگەڕێت...زۆری پێ ناچێت ڕەنگە ســپییەکە دەگەڕێتەوە...ئەمانە گەمەی کاتن...دەرزی تۆقەکەت ترازاند... تیشـکی ڕۆژی زۆر بەتینی چلەی هاوین داخی کردوە...خسـتە نێوان دانەکانتەوە لەودیو زمانتی چزاند... قژت ڕێک خسـتەوە... جارێکی تر لەدواوە بە تۆقە تەڕەکەی ناو دەمت بەسـتت))(سـەرچاوەی پێشـو: ١١٣)، دیارە وەسـفەکە زۆر درێژترە و بەوردی کەسایەتییەکەمان پێ دەناسێنیت، هەر لە شوێنی وەستان و وردەکاری شوێنەکەوە هەتا تایبەتمەندییەکانی کەســـایەتییەکە، وەک (ڕەنگی قژ و قاچی ڕوت و شـــێوەی بەســـتنی قژ...)، بەمەش گێڕەرەوە خوێنەر لە ڕێگەی وەسفەکەوە ڕادەکێشێتە ناو ڕوداوەکان و خۆشی پشویەک دەدات.

ئەگەر سەرنجێک لە کۆیی چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵەیە بدەین دەبینین بە گشتی وەسف لە چیرۆکەکانی (ڕۆژمێری چاڵدیران) و (پیداچونەوەی چیرۆکێکی کۆن) و (لەسەر دەستی عادیل سەلیم دەنوسم) بە ڕێژەیەکی زیاتر لە چیرۆکەکانی تر بەکارهینراوە.

## ٢- **دیمەن:**

دیمەن جۆرێکی تری میکانیزمی خاوکردنەوەی کاتی گیڕانەوەیە، کە گێڕەرەوە ڕوداوێکی کورت بە دریژی دەگێڕێتەوە، یان بە پێویستی دەزانێت لەسەر ورد و درشتی ڕوداوەکە بوەستێت، بەگشتی دیمەن((ئەو ساتەیە کە خەریکە کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆک لە ماوەی ڕوداندا یەکسان دەبن))(لحمیدانی،١٩٩٣: ٧٨)، وەستانی گێڕەرەوە لەسەر درێژەی ڕوداوەکان پێچەوانەی میکانیزمی کورتکردنەوەیە و بەوە لە میکانیزمەکانی تر جیا دەکرێتەوە کە((گوزارشتێکی ڕاستەوخۆ و گواستنەوەی زیندوی ڕوداو و کەسایەتییە بەشداربوەکانە))(البنا،٢٠٠٩ : ٩٣)، (لۆبۆک) کاتێک باس لە جیاوازی نیوان دیمەن و کورتکردنەوە دەکات پێی وایە((خوێنەر لە کورتکردنەوەدا ڕوی لە گێڕەرەوەیە و گوێ لەدەنگی ڕادەگریت، بەڵام لە دیمەندا چیرۆکەکە وەک شانۆ دەبینێت))(قاسم،١٩٨٥: ٩٠)، لە هەندێک باردا دیمەن گفتوگۆیە لەنێوان چەند کەسایەتییەکی بەشداربوی چیرۆک ، بەگشتی لە دیمەندا کاتی گێڕانەوە و کاتی چیرۆک یەکسان دەبن.

ئەم میکانیزمەی خاوکردنەوەی گێڕانەوە ڕۆڵێکی گرنگ لە بنیاتی دەق دەبینێت و یارمەتی نمایشکردنی کەسایەتییەکان و پەرەسەندنی ڕوداوەکان دەدات، لە ڕێگەیەوە خوێنەر بە کەسایەتییەکان و ڕاددەی بەشداری و ئاستی بیرو بۆچونیان دەبێت، جگە لەمە دیمەن هەستێکی وا بەخوێنەر دەبەخشێت کە خۆی بەشداری ڕوداوەکانە، لەم بارەشدا خوێنەر((وەک بینەری لێدێت و شتەکان لە حالەتی جولانەوە و کەسەکان بە زیندویی لەبەرچاوی هاتوچۆ دەکەن))(سابیر،٢٠٠١: ٣١٧).

دیمەن لەبواری گێڕانەوەدا دو جۆرە:

أ- دیمەنی دڕامی(گفتوگۆیی):

ئەم جۆرەی دیمەن((وەک ئاوێنە وایە وێنەی کەسایەتی وەک ئەوەی کە هەیە پیشان دەدات))(العزی،٢٠٠١: ٩٤)، گێرەرەوە لەجیاتی کەسایەتییەکان قسە ناکات، بەلکو ئازادیان دەکات تاکو بەدەنگی خۆیان بۆچونەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن، ئەم جۆرەی دیمەن لە چیرۆکەکاندا بە جیاواز لە چیرۆکێک بۆ ئەوانیتر بەکارهێنراوە، لە چیرۆکی (پیداچونەوەی چیرۆکێکی کۆن) لەچەند شوێنیک بەکارهێنراوە، کاتێ گێڕەرەوەی هەموشتزان لە دیمەنێکی دڕامیدا ئازادی قسەکردن دەداتە(ساسا)ی کەسایەتی سەرەکی لەگەڵ کەسایەتی (دڵشاد) ئەم دیمەنە بەرهەم هاتوە:

- هەتیوە شێتە تۆ دەتەوێ من تورە بکەیت.
- وا مەڵێ... من خۆم حەزم لێیانە
- تۆ گەورە بویت...
- ئا، بەڵام ئێستا وەکو ئەوسای منداڵی یارییان پێ ناکەم ساسە.
- مەمخەڵەتێنە...چەند جاریشم پێ وتوی چییتر پێم مەڵێ ساسە...لەمەودوا بە ساماڵ بانگم نەکەیت، وەڵامت نادەمەوە.
- بێنە دەستت بگرە بەم لولەیەوە.
- وا مەکە... بەریدە... وویییی... نا توخوا... چ فێڵێکی ترم لێ دەکەیت ئەمجارە...؟؟
- پەنجەکانت نەجولێنیت ساسە... ئێستا قورمیشی دەکەم... بزانە کاتی زنجیرەکان لەسەر ئەو کاشییە لوسانە دەخولێنەوە، هەست بەچی دەکەیت...؟
- شەیتان... خۆزگە دەمزانی ئەمانە لەکوێ دەدۆزیتەوە...
- نایزانی... (کاکەسور،٢٠٠٨: ١١٧).

دوای تەواوبونی دیمەنە درامییەکە، گێڕەرەوەی هەموشـــتزان جلەوی گێڕانەوەکە دەگریتەوە دەســـت، دوای ئەوەی بەگوێرەی ویست و مەبەستی خۆی لەسەر ڕوداوەکە وەستاوە و لەم ڕێگەیەوە چەند زانیارییەکی تازەی لەســەر زاری کەسـایەتییەکان درکاندوە، کە پێشـتر لە هیچ شـوێنیکی تری گێڕانەوەکە باسـیان لێ نەکراوە، وەک باسکردن لە گەورەبونی (دلشـاد) و درکاندنی ناوی ڕاسـتەقینەی کەسـایەتی (سـاسـا)، ئەمەش لەپاڵ باسـکردنی زانیاری تازە، وەستانێکیش بۆ گیرەرەوە دابین دەکات، لە چیرۆکی (لەسەر دەستی عادیل سەلیم دەنوسم) دیمەنی دڕامی لەچەند شـــوێنێک دەبینرێت، کاتێک (ئەمیر)ی کەســـایەتی چیرۆکەکە دەیەویت وەک نمایشـــێکی فیلم خۆی بخاتە ژێر تایەی ئۆتۆمۆبێلێک، گێڕەرەوە خۆی دیمەنێکی دڕامی لەنێوان شـــوفێرەکە و منداڵەکانی هاوڕێی (ئەمیر) دەسازێنێت، بەشێوەیەک ئازادی قسەکردن دەداتە کەسایەتییەکان تا بەزمانی خۆیان گوزارشت لە بۆچونەکانیان بکەن:

- ئەوە تۆ بۆ واتکرد کوڕی نازانم کێ...؟

یەکێ لە هاوڕێکانی پێی گوت:

- ئەوە تەمسیلە... چەندساڵێکی دیکە دەچێتە میسر و دەبێتە ئەکتەر.

شوفێرەکە هێندەی دی توڕەبو:

- باشـتر نییە پێشـتر دایکی بنێرێت، بەشـکو هەتا ئەو دەگات، ئەو لەو تیاترۆخانانەی ئەوێ جێگایەکی باشـی بۆ بکاتەوە...؟

مازن ئەحمەدی پورزای، کە لە هەموان زیاتر هانی دەدا ببێتە ئەکتەر بە کابرای شوفێری وت:

- تۆ ئێستا گاڵتەت بەم قسانە دێت، بەڵام دەبینی چۆن ڕۆژێک وەکو نەجیب ڕەیحانی ئامۆزای باپیری کچی جوان جوان ماچ دەکات... تۆش زەقەی چاوت دێت و لە تەلەفیزیۆنەوە تەماشای دەکەیت.
- با جاریّ دایکی بچێت وەکو هیند ڕۆستەمی پورزای و هودا سوڵتانی خاڵۆزای لە فیلمێک لە باوەشی ڕوشدی ئەبازە بێت و لە یەکێکی دیکە عیماد حەمدی هەڵیپەڕێنیت، ئینجا ئەو کاتە...

مازن ئەحمەد وتی:

- ئەوکاتە پورم سەری خۆمان و گەڕەکەکەشمان بەرز دەکاتەوە.(سەرچاوەی پێشو: ١٩٦–١٩٧). ئەگەرچی گێڕەرەوە دیمەنە دڕامیەکەمان بۆ نمایش دەکات، بەڵام کەسایەتییەکان لە دەربڕینی بۆچونەکانیان ئازادی تەواو یان هەیە، هەروەها گێڕەرەوە لە ڕێگەی ئەم دیمەنە دڕامییەوە لە پال خاوکردنەوەی گێڕانەوەکەیدا دەیەوێت بە خوێنەر بڵێت، کە تاکی کورد لەو ڕۆژگارە کاریگەری سینەمای(مصر) لەسەر بوە و لە ڕێگەی کەسایەتییەکی منداڵەوە شانازی بە هونەر و هونەرمەندان دەکات، ئەمەش مەبەست و ویستی گێڕەرەوەیە لە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە.

ب- دیمەنی وێنەیی:

مەرج نییە هەمو دیمەنێک لە ڕێگەی گفتوگۆوە دروست ببێت، دەکرێت دیمەن بەبیّ گفتوگۆ ئەنجام بدرێت، ئەمەش لە ڕێگەی نمایشێکی وێنەیی دەبێت((وەک ئەوەی تابلۆیەکی هونەری بۆ خوێنەر باس بکرێت))(العزی،٢٠١١: ٩٧)، واتە خوێنەر وا هەست ناکات دەخوێنێتەوە، بەڵکو وا هەست دەکات دەبینێت، ئەمەش زیاتر لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەی لە شێوەی (چاودێری دەکات، تەماشا دەکات...هتد)دروست دەبێت، ئەم جۆرەی دیمەن چونکە لەشێوەی باسکردن و نمایشکردنە بۆیە زیاتر((ئارەزوی باسکردن بەدرێژی و بەکارهێنانی کردارەکانی ڕابردو زیاد دەکات))(الزیتونی، ٢٠٠٢ :١٥٥).

دیمەنی وێنەیی لە چیرۆکەکانی(خەوننامەی دادە سۆزی) بەڕێژە و شێوازی جیاواز دەرکەوتوە، لە چیرۆکی(ڕۆژمێری چاڵدێران)گێڕەرەوەی هەموشتزان دیمەنێکی وێنەیی زۆر جوانی کەسایەتی(گوڵبەهار)مان پیشان دەدات، کاتێک سەما دەکات: ((ئەو گوێچکە ماسی و بەردانە بەریەک دەکەوتن و دەیان دەنگی جیاواز جیاوازیان دەخولقاند، بۆیە واتدەزانی لەبەردەم تیپێک مۆسیقادا وەستاویت...تۆشی لەگەڵ خۆیدا دەخستە سەمایەکی حەماساوییەوە و پێیە پەتییەکانت لەسەر ئەو چەوە داخبوەدا دەسوتان... قژی بەو گیایانە دەشت، کە لەویّ وشکی کردبونەوە و دەبریسکایەوە، سەدان پەپولەی ڕەنگاوڕەنگت دەبینی وەکو سەراب بەسەر سەریەوە دەسوڕانەوە...پەنجەکانت بۆ درێژ دەکردن، تا یەک دوانێکیان بگریت و لە نزیکەوە لێیان بڕوانی، بەو مەبەستەی لە بەشێکی نهێنییەکان تێبگەیت...))(کاکەسو،٢٠٠٨: ٧٨)، گێڕەرەوە کاتێک دیمەنەکە تەواو دەکات و

چیتر بە پێویستی نازانێت بەردەوام بێت، ئەوا درێژە بە گێڕانەوەکەی دەدات و دەچێتە سەر باسکردنی ژیانی (گولبەهار) و (دانیال)ی باوکی، دوای ئەوەی ڕەوتی ڕوداوە سەرەکییەکە ڕادەگرێت و لە ڕێگەی پیشاندانی دیمەنێکی وێنەیی پشویەک لە گێڕانەوەکەی وەردەگرێت و تابلۆیەکیش لە وەستانەکەیدا دەنەخشێنێت.

لە چیرۆکی (لەسەر دەستی عادیل سەلیم دەنوسم) لە لاپەڕە (١٣٥-١٣٦) دیمەنێکی وێنەیی هەیە، گێڕەرەوە بەرامبەر تابلۆیەک وەستاوە و لە ڕێگەی نمایشکردنەوە پیشانی خوێنەری دەدات((پورم عەزییەکی سپی بێقۆڵی پۆشیوە...سنگی تانیوەی مەمکەکانی ڕوتە و قژی لەملا و لەولاوە هاتۆتە سەرشانی...لەسەر کورسییەکی قایشی ڕەش دانیشتوە و قاچی چەپی لەسەر قاچی ڕاستی ... ڕوبەرێک لە ڕانەکانی بەدەرەوەن...جوتێ پێڵاوی هاوینەی لە پێدایە... مێردی پورم بە قاتێکی ڕەساسییەوە لە پشتی وەستاوە و دەستی بەسوکی لەسەر شانی داناوە ...بۆینباغێکی ڕەشی لەسەر کراسە سپییەکە بەستوە... دور نییە هەمو ئەوانە ڕەنگی تربن و کامێرا ئاوا گۆڕیبێتنی))(سەرچاوەی پێشو: ١٣٥-١٣٦)، ئەگەر بە وردی سەرنج لەم دو نمونەیەی دیمەنی وێنەیی بدەین، دەبینین گێڕەرەوە هەستی بەشداریکردنی ڕوداوەکانی لای خوێنەر دروستکردوە، لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێک کرداری کاتی ڕابردوەوە، ئەم بەکارهێنانەش لەهەردو نمونەکە و زۆربەی دیمەنە وێنەییەکان بەڕونی هەستی پێدەکرێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین بەگشتی (دیمەن)بە هەردو شێوەکەی(دڕامی و وێنەیی) لە هەرسێ چیرۆکی (ڕۆژمێری چاڵدێران) و (پێداچونەوەی چیرۆکێکی کۆن) و (لەسەر دەستی عادیل سەلیم دەنوسم)بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەکارهێنراوە، ئەمەش کاریگەری کردۆتە سەر خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوە و لە ئەنجامدا پانتایی کاتی گێڕانەوە زیاتربوە لە کاتی چیرۆک، ئەمەش لە زۆربون و گەورەبونی قەبارەی هەرسێ چیرۆک بەبەراورد لەگەڵ چیرۆکەکانیتر ڕەنگی داوەتەوە.

### ٣- **لێدوان** (**التعليق**- commentory):

ئەگەرچی لە دابەشکردن و پۆلینکردنەکەی (ژیرار ژینێت) لەمەڕ ماوە، (لێدوان) وەک میکانیزمێکی خاوکردنەوەی کات ئاماژەی پێ نەکراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە زانستی گێڕانەوەی تازەدا سێبەری نوسەر لەڕێی لێدوانەکانی لەناو زۆربەی دەقەکان دەبینرێت، ئەم لێدوانانەش دەبنە هۆی خاوکردن و سستکردنەوەی کاتی گێڕانەوە، بۆیە بەپێویستمان زانی لێرە وەک میکانیزمێکی خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوە پۆلینی بکەین.

بەگشتی لێدوان ئەوکاتە دروست دەبێت، کە گێڕەرەوە لەسەر کەسایەتییەک یان ڕوداوێک دەوەستێت و بەگوێرەی ویست و تێگەیشتنی خۆی لێکدانەوەی بۆ دەکات، واتە((ئەو پەراوێز و سەرنجانەن، کە گێڕەرەوە لەسەر هەڵویست و ڕوداوەکان دەیداندات))(برنس،٢٠٠٣: ٣٤)، ئەمەش خۆتێهەڵقورتاندنی نوسەرە لە کاروباری گێڕانەوەدا، لە ڕێی لێدوانەکانی و بەیارمەتی گێڕەرەوە ((ڕاڤەی واتا و دەلالەتەکانی ڕەگەزی گێڕانەوە دەکات

و هەڵســـەنگاندنیش بۆ ڕوداوەکان دەکات، ئاماژە بە هەندێک شـــت دەکات، کە جیهانی کەســـایەتییەکان تێدەپەڕێنێت))(ســـەرچاوەی پێشـــو: هەمان لاپەڕە)، دیارە بەکارهێنانی لێدوانەکانیش بەبێ ئامانج نییە و گێڕەرەوە لەڕێی لێدوانەکان دەکرێ چەند مەبەســـت و ئامانجێکی هەبێت، دەکرێ بۆ جوانکاری یان بۆ مەبەســتێکی ڕەوانبێژی بێت، یان دەکرێ بەشێکی سەرەکی بێ لە بنیاتی گێڕانەوە. ئەوەی دواییان مەبەستی باسکردنییەتی لێرەدا، چونکە هۆکارێکی خاوکردنەوەی کاتی گێڕانەوەیە.

لە چیرۆکەکانی (خەوننامەی دادە سـۆزی)ئەم میکانیزمە لە بەشـێک لە چیرۆکەکان و بە مەبەسـتی جیاواز بەکارهێنراوە، لە هەمو بەکارهێنانەکانیش بۆتە هۆکارێکی خاوکردنەوەی کات، لە چیرۆکی(ڕۆژمێری چاڵدێران) لە شـوێنیک گێڕەرەوەی هەموشـتزان لەسـەر زاری کەسـایەتی (گوڵبەهار) زنجیرەی ڕوداوەکان ڕادەگرێت و لەباسـی گێڕانەوەی مێژوەوە دەچێتەسـەر لێدوان لە بارەی مەیخانە و سـەرخۆشـەکان، بەشـێوەیەک باسـیان دەکات، کە هیچ پەیوەندییەکی بە مێژوەوە نییە، کە تەوەری ســـەرەکی گێرانەوەیە، بەڵکو بەگوێرەی ویســـتی خۆی باس لە ڕاســـتگۆیی و ســـیفەتەکانیان دەکات((لە هیچ شـــوێنیکدا وەکو ئەوێ هەواڵی ڕاســـت و ســـەیر ســـەیرت دەســـتناکەوێت...لەســـەر ئەم مێزەیاندا ئەو جەنگاوەرەماندوانەی بە مۆڵەت لە بەرەکانی شـــەڕ گەڕاونەتەوە و بە قوڕگی پڕ لەگریانەوە بۆ بوتڵ و کاســـەکانیان دەدوێن...تا زیاتر مەســـت دەبن، زیاتر ئارەزویان دەچێتە سەر گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان... لەسەر مێزی تەنیشتیانەوە ئەو ڕێبوارانەی لەڕێگەی دور دورەوە هاتون و دوای هەڵدانی یەک دو پێک و بەدەم گوێگرتن لە گۆرانیی کچانەوە، بیریان دەچێتەوە بۆچی هاتون و چەندی دیکەیان ماوە بگەنە شـوێنی مەبەسـت...))(کاکەسـور،٢٠٠٨: ٨٣)، دوای تەواوبونی لیدوانەکە ، گێڕەرەوە ئاراستەی گێڕانەوەی ڕوداوەکان دەباتەوە سەر ڕیتمی پیشوتر.

**بەشی دوەم:**

## میکانیزمەکانی خێراکردنی کاتی گێڕانەوە

١ – لابردن:

لابردن میکانیزمێکی گرنگی زیادکردنی خێرایی کاتی گیڕانەوەیە، یان ((خێراترین جوڵەی گێڕانەوەیە))(مجموعة من المؤلفين،٢٠١٠: ٢٥٤)،گێڕەرەوە دەتوانێت لە زۆر کات و باری گێڕانەوەکەیدا بەکاری بهێنیت، بەبێ ئەوەی کاریگەری خراپ بکاتە ســەر کۆی ڕوداوەکانی چیرۆکەکە، وەکو زاراوە دەکرێ وشــەکانی (برین، پازدان، کەلێن، ســـرینەوە...)لەجیاتی وشـــەکە بەکاربهێنرێن، ئەگەرچی لەبنەڕەتدا هەموویان واتای وشـــەی (الحذف – لابردن) ناگەیەنن، بەڵام لەچوارچێوەی واتاکەی دەخولێنەوە، لابردن لەســـەر بنەمای ((لابردنی بەشـێک لە چیرۆکەکە دێت، کە گێڕەرەوە بەشـــێوەیەک ئـامـاژەی بۆ دەکـات، یـان خوێنەر بەپێی زانیـارییەکـانی هەســـت بەلادانەکە دەکات))(الرفيق،١٩٩٨: ٥٠).

کاتێک گێڕەرەوە ڕوداوەکانی ماوەیەکی دیاریکراوی گێڕانەوەکە تێدەپەڕێنێت، ئەوە دەیەوێت ئەو ڕوداوانە لە بنیاتی کاتی گێڕانەوەکە لابدات، کە بە مەزەندەی خۆی بۆ بنیاتی دەقەکە پێویســـت نین، (تۆدۆرۆڤ) ئاماژەی بەم میکانیزمە کردوە و پێی وایە کردارەکە ((پەیوەندی بە لابردن و بزرکردنی هەندێ یەکەی زەمەنی چیرۆک هەیە، کە لە زەمەنی نوســـیندا ئاماژەی پێ نەکراوە))(بحراوی،١٩٩٠: ١٥٦)، بەواتایەکی تر کاتێک بەشـــێک لە چیرۆک بێدەنگی لێکراوە لە گێڕانەوەکەدا، یان بە وشـــە و دەربڕینی تایبەت ئاماژەی بۆ کراوە، ئەو دەربڕینانەش ئاماژە بە بۆشـــاییەکی کاتی پچڕاو دەکەن، وەک (چەند ڕۆژێک تێپەڕین) ، (ســـاڵێکی بەســـەرداچو) ...، (ژینێت) دو جۆری سەرەکی لابردنی دیاری کردون، ئەمانیش لابردنی (باسکراو) و (نادیار- ضمنی)ین، لابردنی یەکەمیش بەسەر دو جۆر بەش کردوە(دیاریکراو و دیارینەکراو)(جینیت،١٩٩٧: ١١٨-١١٩).

لە کۆمەڵە چیرۆکی (خەوننامەی دادە ســـۆزی) ئەم میکانیزمەی خێراکردنی کات، بە هەمو جۆرەکانییەوە بەڕێژەیەکی زۆر بەکارهێنراون بەم شێوەیە:

ا- لابردنی باسکراو:

ئەو لابردنەیە کە گێڕەرەوە لەڕێگەی بەکارهێنانی چەند دەســـتەواژە و دەربڕینێک ئاماژە بە ماوە لادراوەکە دەکات، وەک (دوای چەند ڕۆژێک) ، (چەند ســـاڵێکی تر) ...هتد، ئەم جۆرەی لابردن لە چیرۆکەکان بە هەردو شێوەکەی دەرکەوتوە.

١ – لابردنی باسکراوی دیاریکراو:

لەم جۆرەی لابردندا بەشـــێوەیەکی ورد ئاماژە بەو ماوەیە دەکرێت، کە لابردراوە، ئەمەش لەڕێی بەکارهێنانی دەستەواژەی تایبەتەوە، وەک لەم نمونەیەی چیرۆکی(خەوننامەی دادە سۆزی) دەڵێت: ((ئەم خۆی تاقە کەسێک بو بتوانێت هەمو ڕاستی تەمەنت بۆ دەرخات، بەتایبەتی چوار ساڵی سەرەتای))(کاکەسور،٢٠٠٨: ٣٣)، دیارە لیرەدا گێڕەرەوەی هەموشـتزان نەی ویستوە باس لە درێژایی تەمەنی کەسایەتییەکە بکات و بەلایەوە پێویست نەبوە، بۆیە لەڕێی دەستەواژەکانی (هەمو تەمەنت) و (چوار ساڵی سەرەتا) ڕوداوەکانی لابردوە.

٢ – لابردنی باسکراوی دیارینەکراو:

ئەم جۆرەی لابردنیش لەناو چوارچێوەی گێڕانەوەدا ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام وەک لابردنی پێشـــو ماوەکەی بە وردی دیاری نەکراوە، بەڵکو لەشـێوەی دەسـتەواژەی (چەند ڕۆژێک) ، (پاش ئەو هەمو سـاڵە) ....هتد، ئاماژەی بۆ کراوە، لە چیرۆکی (خەوننامەی دادە ســـۆزی) گێڕەرەوەی هەموشـــتزان ماوەیەکی درێژی ڕوداوەکان لادەدات و بەچەند دەســـتەواژەیەکی تایبەت بە بواری لابردن خێرایی کاتی گێڕانەوەکە زیاد دەکات((شـــەوان هەڵدەســـتا و پێخەفەکەی ڕێک دەخســـتەوە، چونکو دەبوایە دوای بڕێکی تر دایکت بێتەوە و لەســـەری بخەوێت... بەڵام ئەوجارە هەمو شـتێک گۆڕا، کاتێ دایکت ماندوێتی خستی و نەیتوانی هەستێتەوە ...بۆ یەکەمین جار لەوێ یەکترتان بینی و

تێکئالآن...لەمە بەدواوە دایکت لەشـــی قورس بو... ڕۆژ بەڕۆژ تەندروســـتی زیاتر تێکدەچو، کەچی دەیویســـت هیچ نەبێت بۆ ماوەیەک تارمایی تۆ لە خاوەنی کارگەکە بشـارێتەوە، نەوەکا دەریکەن...))(سـەرچاوەی پێشـو: ٣٤)، لەم پەڕەگرافەدا گێڕەرەوە هەر لەســـەرەتاوە بە دەســـتەواژەی (دوای برێک) بەشـــێک لە ڕوداوەکانی چیرۆک لادەبات،بەڵام ماوە لادراوەکە دیار ناکات، پاشـان لەڕێی دەسـتەواژەی (لەمە بەدواوە) و (بۆماوەیەک) لە لابردنی ئەو بەشانەی چیرۆکەکە بەردەوام بوە و بە پێویستی نەزانیوە بیانگێڕێتەوە.

ب – لابردنی نادیار :

لەم جۆرە لابردنەدا گێڕەرەوە بەئاشـکرا هیچ بەشـێکی چیرۆکەکە لانادات، بەڵکو لەڕێی ئەنجامدان و باسـکردنی هەندێک گۆڕانکاری لەناو دەقدا خوێنەر هەستیان پێ دەکات، واتە دەرکەوتنی ئەم جۆرەی لادان دەگەڕێتەوە سـەر سەرنج و سەلیقەی خوێنەر.

لە چیرۆکەکانی (خەوننامەی دادە سـۆزی) لەدو شـوێن ئەم جۆرە لابردنە دەرکەوتوە، لە چیرۆکی (خەوننامەی دادە ســـۆزی) لە شـــوێنیکدا بە ئاماژەیەکی ورد گێڕەرەوە خوێنەر تێدەگەیەنێت کە کەســـایەتییەکەی وەک جاران گەنج نییە و بەتەمەن داچوە((ئێســـتا پەنجەکانی لەچەند کولەیەکی گەورە دەچن... ئەگەر بە بۆکس لێیان بدەیت دەفلیقێنەوە))(سەرچاوەی پێشو: ٤٥)، دیارە بەکارهێنانی وشەکانی (کولەی گەورە) و (فلیقانەوەی پەنجە) زیاتر بۆ دەســـت و پەنجەی بەســـاڵاچوان بەکاردێن، بەمەش بە ئاماژەیەک خوێنەر لە مەبەســـتەکە دەگات و کردارەکەش خێراکردنی کاتەکە زیاد دەکات، لە چیرۆکی (گالیسکەی جەنگاوەرە ترسنۆکەکە)دا، گێڕەرەوە لە باسـی کەسـایەتی ســـەرەکی ڕوداوەکان دەڵێت((هیچ جارێک نییە بریندار نەبێت، بەڵام نازانم چۆن ناکوژرێت... لە جەســـتەی بڕوانە هەموی چاڵی قوڵ قوڵ و هێڵی سەیر سەیرە... ئەوە شوێنی شمشێر و خەنجەر و تیرن))(سەرچاوەی پێشو: ٥٨)، دیارە لێرەدا گێڕەرەوە نەیویســـتوە باس لە ژمارەی زۆری ئەو شـــەڕانە بکات کە کەســـایەتییەکە بەشـــداری تێدا کردون، تەنیا بە ئاماژەیەکی ورد و کورت لە ڕێی ئەو میکانیزمەی خێراکردنەوە کاتی گێڕانەوەی خێراکردوە.

ئەگەر ســـەرنجێکی خێرا لە لابردنەکانی ســـەرجەم ســـەرجەم چیرۆکەکان بدەین، دەبینین زۆربەی لابردنەکان لە هەرسێ چیرۆکی (یۆتوبیا) و (خەوننامەی

دادە سۆزی) و(گالیسکەی جەنگاوەرە ترسنۆکەکە)ن، دەتوانین لەڕێی ئەم خشتەیە زیاتر ڕونی بکەینەوە:

| ناوی چیرۆک | لادانـــــــــی باســـــکراوی دیاریکراو | لادانی باسکراوی دیارینەکراو | لادانـــــــی لەخۆگر |
| --- | --- | --- | --- |
| یوتۆبیا | ٢ | ٥ | – |

| | | | |
|---|---|---|---|
| خەوننامەی دادە سۆزی | ١ | ٤ | ١ |
| گـالیســـکەی جەنگـاوەرە ترسنۆکەکە | ــ | ــ | ١ |
| ڕۆژمێری چاڵدێران | ١ | ٢ | – |
| پێـداچونەوە بە چیرۆکێکی کۆن | ١ | ١ | ــ |
| لەسەر دەستی عادیل سەلیم دەنوسم | ــ | ــ | ــ |

به سـەرنجدان لە خشـتەکە دەردەکەوێت کە سـێ چیرۆکەکەی ناومان هێنان زۆرترین ژمارەی لادانیان تێدایە، هەر ئەمەشـــە وای کردوە پانتایی کاتی گێرانەوە یەکســـان بێت بە کاتی چیرۆک، ئەم دۆخەش بە هاوکێشـــەی ((کاتی گێڕانەوە = کاتی چیرۆک))(شوابکة،٢٠٠٦: ٩٠)، دەناسرێتەوە .

٢ – کورتکردنەوە:

جۆری دوەمی میکـانیزمی خێراکردنی کـاتی گێرانەوەیە، تێیـدا ((کـاتی چیرۆک درێژترە لە کـاتی گێڕانەوە، گێڕەرەوە هەندێ ڕوداو کورت دەکاتەوە، کە چەند سـاڵێکیان خایاندوە و بۆ خێراکردنی گێڕانەوە بەسـەر هەندێک ڕوداو تێدەپەڕێت، کە پێی وایە بۆ گێڕانەوەکە گرنگ نین))(حبیله،٢٠١٠: ١٥٥)، ئەم میکانیزمە یارمەتی گێڕەرەوە دەدات لەکاتی گێڕانەوەکەیدا ((کۆمەڵێ ڕوداو بگێڕێتەوە و دەسـت لە کۆمەڵێکی تر هەڵبگرێت))(ئەڵوەنی،٢٠١١: ٤٠)، بە ڕاددەیەک گێڕەرەوە خۆی لە وەستان لەسەر کەسایەتی و شوێن و شتەکان بەدور دەگرێت، بە ئاماژەیەک یان گوتنێکی کورت بەســـەریان تێدەپەڕێت، بەمەش ماوەی گێڕانەوە کەمتر دەبێت لە ماوەی چیرۆک، چونکە ئەو بڕگانەی کە کورتکردنەوەیان تێدا بەرجەسـتە دەبێت لە ئاسـتی چیرۆک درێژترن لەوەی کە لە ئاسـتی گێڕانەوەدا بەخێرایی ئاماژەیان پێکراوە(ئەڵوەنی،٢٠٠٤: ٣٦١)، دەبێ ئەو ڕاســـتییەش بزانین کە لە هەمو کاتێک گێڕەرەوە ناتوانێت ئەم کورتکردنەوەیە ئەنجام بدات، تەنیا ئەو کاتانە دەتوانێت، کە کورتکردنەوەکە کاریگەری نەرێنی نەخاتە سەر ڕێڕەوی گێڕانەوەی ڕوداوەکان.

کورتکردنەوەش وەک میکانیزمەکانی تری جوڵەی کات ئەرک و ئامانجی خۆی هەیە، گێڕەرەوە بەبێ هۆکار بەکاری ناهێنێت، (سیزا قاسم) ئەرک و ئامانجەکانی میکانیزمی کورتکردنەوەی لە چەند خاڵێک کورتکردۆتەوە:

- تێپەڕینێکی خێرایە بەسەر ماوەیەکی درێژ.
- پێشکەشکردنێکی گشتی دیمەنەکان و بەیەکەوە بەستنەوەیانە.
- نمایشکردنی کەسایەتییە لاوەکییەکان.

- ئاماژەکردنێکی خێرا بە کەلێنی زەمەنی و ئەو ڕوداوانەی تێیاندا ڕویانداوە.
- پێشکەشکردنی ڕوداوەکانی ڕابردو. (قاسم، ١٩٨٥: ٧٨).

لە چیرۆکەکانی (خەوننامەی دادە سۆزی) میکانیزمی کورتکردنەوە بە هەرسێ ئاستەکەی (ڕابردو ، ئێستا ، داهاتو) بە ڕێژەی جیا جیا بەکارهێنراوە.

ا- کورتکردنەوە لە ئاستی ڕابردودا :

بە خوێندنەوەیەکی وردی هەر دەقێکی گێڕدراوە، خوێنەر بۆی دەردەکەوێت کە ((زۆربەی کورتکردنەوەکان لەناو دەقەکەدا، پشت بەو ڕوداوانە دەبەستێت کە لە ڕابردو ڕویان داوە))(العزی،٢٠١١: ٨٨)، تێیدا گێڕەرەوە بەکورتی و بۆ یەکێک لەو مەبەستانەی باسمان کردن بەخێرایی بەسەر ڕوداوێک یان کەسایەتییەک تێدەپەڕیت، وەک ئەوەی لە چیرۆکی (یوتوپیا) هاتوە، گێڕەرەوە بۆ ناساندنی کەسایەتی (هەڵۆ) بەخێرایی بەسەر ڕوداوەکان تێپەڕیوە و چاوپۆشی لە هەمو ئەو ماوەیە کردوە، کە کەسایەتی (هەڵۆ) ی تێدا ژیاوە و بە ڕستەیەک ناساندویەتی((تا ئەو کاتە نەمدەزانی من برایەکم هەیە))(کاکەسور،٢٠٠٨: ١٠)، تەنیا ئەوەندەی لەسەر ئاشکرا دەکات کە((هێشتا دەمتوانی لەوە تێبگەم، کە بەتەمەن لەمن بچوکترە))(سەرچاوەی پێشو:هەمان لاپەڕە)، بەمەش گێڕەرەوە ماوەیەکی زۆری لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە کورتکردۆتەوە، کە پەیوەندی بە ساتی ڕابردوەوە هەیە. لە شوێنیکی تری هەمان چیرۆکدا بە بەکارهێنانی ڕستەیەکی کورت ماوەیەکی درێژی چیرۆک دەگێڕێتەوە،((منی پەروەردەی ناو کەلاوە زەحمەتە لەشوێنێکی تر هەڵبکەم... چل ساڵم لەوێ بەسەربردوە... جەستەم لە دیوارەکانی دەچێت و ڕۆحم لە کەڕو و شێ و پۆخلەواتەکانی...))(سەرچاوەی پێشو:٤١)، دیارە بە بەکارهێنانی دەستەواژەی (چل ساڵ) گێڕەرەوە ماوەیەکی درێژی چیرۆکەکەی پازداوە و بە تا ئەو کاتەی بەلایەوە پێویست بوە، کورتیکردۆتەوە، لەهەمان کاتدا (نوسەر) بەدانانی (...) سێ خاڵی نیشانەی کورتکردنەوە، دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت، کە لەم نێوانەدا ڕوداو و گێرانەوەی زیاتر هەن، بەڵام بە پێویست نەزانراوە بگێڕدرێنەوە.

ب – کورتکردنەوە لە ئاستی ئێستادا :

لەم ئاستەی کورتکردنەوەدا، گێڕەرەوە لە چوارچێوەی کاتی ئێستادا دەمێنێتەوە، ئەگەرچی ناتوانێت بەتەواوی خۆی لە ئاستی ڕابردو ڕزگار بکات، بەڵام لەخزمەت ئاستی ئێستادا بەکاری دێنێت(العزی،٢٠١١: ٩٠)، ئەم جۆرەی کورتکردنەوەش لە چیرۆکەکانی (خەوننامەی دادە سۆزی)دەبینرێت، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم، لە چیرۆکی(پێداچونەوەی چیرۆکێکی کۆن)دا ئەم میکانیزمە بەشێوەیەک هاتوە، کە ئاستی ڕابردوی لەخزمەت کورتکردنەوەی ئاستی ئێستا بەکارهێناوە، گێڕەرەوەی هەموشتزان لەسەر زاری کەسایەتی (یاسمین ئاکرەیی) ڕو لە کەسایەتی سەرەکی (ساماڵ) دەکات و دەڵێت: ((بەلاتەوە سەیر نەبێت ساماڵ، ئەگەر بتبینم، ناتناسمەوە... نەک هەر لەبەر ئەوەی نزیکەی بیست و پێنج ساڵە یەکترمان نەبینیوە، بەڵکو من چاوم کزبوە و زۆر شتیشم بیر

چۆتەوە... شێوەیشم وا گۆڕاوە لەگەڵ ئەوسا تەواو جیاوازم))(کاکەسور،٢٠٠٨: ١٢٢)، ئەگەرچی لە سەرەتادا لە ڕێگەی کورتکردنەوەی ئاستی ڕابردو و بە بەکارهێنانی دەستەواژەی (نزیکەی بیست و پێنج ساڵە یەکترمان نەبینیوە) دەست پیدەکات، بەڵام دواتر کورتکردنەوەکە دەچێتە ئاستی ئێستا و بەسەر ماوەیەکی درێژی ڕوداوەکان تێدەپەڕێت، چەند ماوەیەکی گیڕانەوەی ئاستی ئیستا دەپەڕێنیت.

ج – کورتکردنەوە لە ئاستی داهاتودا:

ئەو جۆرەی میکانیزمی کورتکردنەوە پەیوەندی بەو ڕوداوانەوە هەیە کە لە ئاستی داهاتو دەگێڕدرێنەوە، ئەگەرچی ((ڕەنگە ڕوبدەن یان ڕونەدەن))(العزی، ٢٠١١: ٩٢)، بەکارهێنانەکەشی ئاڵۆزە ، بۆیە ڕێژەی بەکارهینانی کەمترە لە ئاستەکانی تر.

لەسەرجەم چیرۆکەکانی کۆمەڵە چیرۆکی (خەوننامەی دادە سۆزی)، تەنیا لە یەک شوێن بەکارهێنراوە، چیرۆکی (خەوننامەی دادە سۆزی) لەسەر زاری کەسایەتی(دادە سۆزی) ئەم میکانیزمە بەکارهاتوە، کاتێک ڕو لە گێڕەرەوە دەکات و چەند ڕوداوێکی داهاتو لەشێوەی گومان کورت دەکاتەوە((بۆتۆ لەوە ئاسانتر نییە ڕۆژێک لە ڕۆژان ببیتە خاوەنی کۆشکێک... ڕێی تێدەچێت بەبێ ئەوەی ئاگات لێ بێت، هەزارەها کەس بتپارێزن و خوێنی خۆیانت لە پێناودا برێژن، مادام نەیاندیوی و لە لوغزێکی گەورە دەچیت... بەڵام زۆر گرنگە لەکۆتاییت مردنێکی ئاسایی هەڵنەبژێریت...))(کاکەسور،٢٠٠٨: ٤٠)، وەک ڕونە گێڕەرەوە کۆمەڵە ڕوداوێکی کورتکردۆتەوە و دڵنیاش نییە ئاخۆ ڕو دەدەن یان نا.

بە شێوەیەکی گشتی کورتکردنەوەی ئاستی ڕابردو زۆرترین پانتایی بەرکەوتوە و ئەوانیتر تەنیا چەند نمونەیەکیان لێ هاتوە، هەروەها ئەگەر بەوردی لە نمونەکانی کورتکردنەوە بڕوانین ، دەبینین زیاتر لە چیرۆکەکانی (یوتوبیا) و (خەوننامەی دادە سۆزی) بەکارهێنراون، بەمەش لەپاڵ میکانیزمی (لابردن)، کورتکردنەوە بە هەمو ئاستەکانی کاریگەری زۆری کردۆتە سەر خێراکردنی کاتی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەکانە و بوەتە هۆی دروستبونی هاوکێشەی (کاتی چیرۆک درێژترە لە کاتی گێڕانەوە) .

## ئەنجام

- کاتی سروشتی چیرۆک بە دیاریکردنی لاپەڕەکانی دەقەکە دەپێورێت، ئەو چیرۆکانەی زۆرترین میکانیزمی خێراکردنی کاتیان تێدا بەکارهاتوە، کەمترین قەبارەیان لە نوسیندا بەرکەوتوە، چیرۆکی (یوتوپیا) لە (٢١) لاپەڕە پیک هاتوە، چیرۆکی (خەوننامەی دادە سۆزی)یش لە (٢٥) لاپەڕە و چیرۆکی (گالیسکەی جەنگاوەرە ترسنۆکەکەش(٦) لاپەڕە. ئەمەش کاریگەری میکانیزمەکانی (لابردن) و (کورتکردنەوە) لەسەر خێراکردنی کاتی ئەو سێ چیرۆکە دەردەخات، بەمەش کاتی سروشتی (چیرۆک) درێژترە لە کاتی گێڕانەوە.

- به پێچەوانەی چیرۆكەكانی خاڵی یەكەم، لەبەر زیاتر بەكارهێنانی میكانیزمەكانی خاوكردنەوەی كاتی گێڕانەوە، قەبارەی هەندێ لە چیرۆكەكان زیاتر بوە، چیرۆكی (ڕۆژمێری چاڵدێران) لە (٤٥) لاپەڕە و چیرۆكی (پێداچونەوەی چیرۆكێكی كۆن) لە (٥٢) لاپەڕە و چیرۆكی (لەسەر دەستی عادیل سەلیم دەنوسم) لە (٥٠) لاپەڕە پێك هاتون، ئەمەش كاریگەری میكانیزمەكانی خاوكردنەوەی گێڕانەوە لەسەر جیاوازی كاتی چیرۆك و كاتی گێڕانەوە دەردەخات، لە ئەنجامیشدا كاتی گێڕانەوەی ئەم سی چیرۆكە درێژتربوە لەكاتی سروشتی(چیرۆك).
- لە چیرۆكی (پێداچونەوەی چیرۆكێكی كۆن) ڕێڕەوی ڕوداوەكان لە (گەراج بۆ هوتێل)ە و لە چیرۆكی (لەسەر دەستی عادیل سەلیم دەنوسم) ڕێڕەوەكە لە (ماڵەوە بۆ ماڵی عادیل سەلیم)ە، كەچی كاتی گێڕانەوە زۆر لەكاتی چیرۆك درێژترە، ئەمەش لەبەر بەركارهێنانی ڕێژەیەكی زۆری میكانیزمەكانی خاوكردنەوەی كاتی گێڕانەوە.
- لە میكانیزمەكانی خاوكردنەوەی كاتی گێڕانەوەدا لەپاڵ هەردو میكانیزمی (وەسف و دیمەن)، میكانیزمی (لێدوان)یش بەڕێژەیەكی بەرچاو بەكارهێنراوە، ئەمەش كاریگەری زیاتری كردۆتە سەر خاوكردنەوەی كاتی گێڕانەوەی ئەو چیرۆكانەی تێیاندا بەكارهاتوە.

# Mechanisms of Time Transition in the Narrative of the Collection of Stories (Khawnnamay Dada Sozi) by Karwan Kaka Soor

**Mustafa Saleh Mustafa**

Shaqlawa Education Directorate Ministry of Education, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

The research entitled (Mechanisms of Time Transition in the Narrative of the Collection of Stories (“Khawnnamay Dada Sozi” by Karwan Kaka Soor), is an attempt to introduce and show the effect of time transition in developing the structure of the narrative text. The study examines how the use of mechanisms to accelerate and slow down narrative time contributes to this effect. A narrator can alter the time of the narrated text according to their own intentions and needs, creating a distinction between narrative time and story time. This demonstrates the narrator's ability and talent within the narrative.The research consists of an introduction and two parts. In the introduction, along with introducing time as an element of narrative, the importance of time and its manifestations in the narrative text are discussed. Additionally, the difference between narrative time and story time is clarified. In the first part of the study, the mechanisms for slowing down the narrative time (such as: description, scene, and comment) and their roles in

slowing down the narrative time are discussed. In the second part, the mechanisms for accelerating the narrative time are discussed, which include the mechanisms of (removal and shortening). Examples in the stories are provided to illustrate the role of each mechanism. Finally, the results and conclusions are provided.

**Keywords**: Time Transition, Time Slowdown, Time Acceleration, Narration.

## سەرچاوەکان:

ئەڵوەنی،نەجم خالد (٢٠٠٤)، بینای کات لە سێ نمونەی ڕۆمانی کوردیدا(ژانی گەل ، شار ، ڕاز)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ئەڵوەنی، نەجم خالد(٢٠١١)، سێ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی شیکاری، چ:ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

خرواتانی، مصطفی صالح (٢٠١٣)، تەکنیکی گۆشەنیگا لە ڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی)دا، چ:شەهاب، هەولێر.

سابیر، پەریز (٢٠٠١)، بینای هونەری چیرۆکی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠٠٤)، هاوکاتی و هاوشوناسی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

ڕەشید، سابیر(١٩٩٩)، کاتی چیرۆک و ڕۆمان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە:٣٣، هەولێر.

البنا، بان(٢٠٠٩)، فواعل السردية، عالم كتب الحديث، اربد.

بحراوى، حسن(١٩٩٠)، بنية شكل الروائي، المركز الثقافي العربي، ط:الاولى، بيروت.

برونوف، رولان(١٩٩١)، عالم الرواية، ترجمة نهاد التكرلي، دار الشؤن الثقافية عامة، ط:١، بيروت.

جينيت، جيرار(١٩٩٧)، خطاب الحكاية، ترجمة محمد معتصم و عبدالجليل الازدي و عمر حلي، مجلس الاعلى للثقافة، ط:٣ ، بدون مكان الطبع.

حبيلة، د.الشريف (٢٠١٠)،بنية خطاب الروائي (دراسة في روايات نجيب الكيلاني)، عالم الكتب الحديث، اردن.

الرفيق، عبدالوهاب(١٩٩٨)، فى السرد(دراسة تطبيقية)، دار محمد علي، تونس.

الزيتوني، د.لطيف(٢٠٠٢)، معجم مصطلحات نقد الادبي، دار النهار للنشر، لبنان.

شوابكة، د.محمد علي،(٢٠٠٦)، السرد المؤطر في رواية النهايات لعبدالرحمان منيف، مطبعة الروزنا، الاردن.

عزام، محمد(٢٠٠٣)،تحليل الخطاب الادبي، اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

العزي، د. نفلة حسن(٢٠٠١)، تقنيات السرد و اليات تشكيله الفني، دار غيداء للنشر، ط:١، عمان.

علي، هيثم الحاج(٢٠٠٨)،الزمن النوعي و اشكاليات النوع السردي، الانتشار العربي، لبنان.

العيد، يمنى(١٩٩٠)، تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي، دار الفارابي، ط:1، بدون مكان النشر.

قاسم، سيزا(١٩٨٥)، بناء الرواية، دار التنوير للطباعة والنشر، ط:١ ، بيروت.

لحميداني، حميد(٢٠٠٠) ،بنية النص السردي، مركز الثقافي العربي للطباعة، ط:٣، بدون مكان الطبع.

مجموعة من المؤلفين(٢٠١٠)، معجم السرديات، دار محمد على للنشر، ط:١، تونس.

جينيت، جيرار(١٩٨٨)، حدود السرد، (مجلة افاق)، عدد: (٨ -٩)، المغرب.